Salford Home Search

A new way of finding a home

# ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد (Salford Home Search)

ئەم بابەتە بە شێوەی فۆنتی گەورە، فایلی بەدەنگ، ئەلەکترۆنیکی و خەتی برەیل دەکرێ پێشکەش بکرێت.

## i. لە گەڵمان بن

دەتوانن بە شێوەی ئانلاین لە ماڵپەڕی ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد (Salford Home Search) (Salford Home Search) بە ناونیشانی www.salfordhomesearch.co.uk ناونووسی بکەن، بە ژمارە تەلەفۆنی 0161 909 6514 وە پێوەندی بگرن یا لە فرۆشگەی ئێمە چاوپێکەوتنتان هەبێت. ئێوە ژمارەیەکی تایبەت وەردەگرن و بە پێی پێداویستییەکانی خانوبەرەی خۆتان لەو گرووپانەی کە هەن ڕێکدەخرێن.

## ii. ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد (Salford Home Search)

ئیستا دەتوانن بە دوای خانوویەکی نوێدا بگەڕێن و بۆ ئەوانەی کە سەرنجتان ڕادەکێشن نرخ دیاری بکەن. هەر حەوتە ئەو خانوانەی کە هەنە لە ڕێگای ئەنتەرنێتە و حەوتەنامەیەک ڕادەگەیندرێن کە ئەم حەوتەنامانە لە نووسینگەکانی Salford Home Search، Salix Homes، New Prospect، Salford Civic Centre، Crompton House و Halton House دا هەیە. بۆ نرخ دانان لە ڕێگای نووسینگەی خانوبەرەی شوێنی نیشتەجێ بوون، ئەنتەرنێت یا پێوەندی بە ژمارەی 0161 909 6514 وە دەست بەر کار بن.

### iii. ئاکامەکان

ئەگەر سەرکەوتن، نووسینگەی خانوبەرە پێوەندیتان پێوە ئەکات .ئەگینە، بەداخەوەین، تکایە بە نرخ دانان درێژە بدەن.

## پرسیارە دووپاتکراوەکانی خەڵکی

### 1. ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفورد (Salford Home Search) چییە؟

شێوازێک بۆ بە کرێدانی داراییەکان لە سالفۆرد دایە، مەبەست ئەوەیە کە بە خەڵکی سالفۆرد دەرەتانی هەڵبژاردنی زۆرتر بدرێت تاکو بتوانن جۆری خانوبەرە و ناوچەی بە دڵیان هەڵبژێرن.

### 2. شێوازی کار چۆنە؟

دەتوانن نرخی خۆتان بۆ هەر خانوویەک کە پێتان خۆشە بە کرێی بگرن دانێن. ئەگەر پتر لە کەسێک بۆ خانوویەک نرخ دانێ، پێداویستییەکانی ئەو کەسە و جۆری گرووپ پێوەری کارمان دەبێت و کەسێ کە زووتر ناوی نووسیوە شانسی زۆرتری هەیە. بە پێی بارودۆختان لە گرووپێکدا ڕێکدەخرێن.

### 3. "گرووپ" چییە؟

گرووپ شێوازێک بۆ نهۆم بەندی کەسانە بە پێی هەلومەرجەکان و پێداویستییەکانی خانوبەرەی ئەوان.

| | |
|---|---|
| گرووپی A | بۆ داواکاران گۆڕيني بارودوخي فێزان |
| گرووپی B | بریتی لە:<br>• کەسانی لانەواز<br>• ئەو کەسانەی کە ڕەنگە لانەواز بون و لە پلەی سەرەوەن<br>• کەسانێک کە بارودۆخی جەستەیی و دەروونی تایبەتیان هەیە. |
| گرووپی C | بریتی لە:<br>• کەسانێک کە پێداویستییەکانی خانوبەرەی ئەوان جۆراوجۆری هەیە، کە ئەوانە لەسەرەوە دادەنرێن، وەکو منداڵانێ کە پێویستیان بە چاوەدێریە یا کەسانێک کە بۆ وەرگرتن یا پێدانی چاوەدێری پێویستیان بە خانوویە. |
| گرووپی D | بریتی لە:<br>• کەسانێک کە پێویستیان بە خانوبەرە نییە، لەبەر ئەوەی کە سەرپەنای شیاویان هەیە یا پێوەندی ناوچەییان نییە. |

خانوبەرەکانیش لەم گرووپانەدا نهۆم بەندی دەکرێن.

### 4. بۆچی لەم گرووپەدام؟

ئێوە لە گرووپەکاندا دادەنرێن تا پێداویستییەکان و هەلومەرجتان دیاری بکرێت. ئەو کەسانەی کە زۆریان بە پێویستە لە سەرەوەتر دادەنرێن. ئەگەر ڕێژەی پێداویستی دوو یا چەند کەس وەکویەک بێت، کەسێک کە زووتر لە ریزی چاوەڕوانیدا ناونووسی کردووە لە سەرەوە دادەنرێت.

## 5. بۆ چ جۆرە خانوویەک دەتوانم مەزندەی نرخ بکەم؟

دەتوانن بۆ هەر جۆرە خانوویەک نرخ دانێن، ئەو کەسانە لەسەرەوەن کە:

- هەر لەو گرووپەی پێوەندیدار بە خانووەوە جێیان هەبێت.
- پێداویستییەکانیان لە گەڵ جۆری خانوو و گەورەیی ئەودا هاوسەنگی هەبێت.

ئەگەر پێداویستییەکانی نرخ دانەری سەرکەوتوو لە گەڵ گەورەیی و جۆری خانوودا هاوسەنگی نەبێت، بۆ وێنە کەسێکی بێ ژن (سەڵت) بۆ خانوویەکی خێزاندار نرخی دانابێت، ڕەنگە خانووەکە دیسانەوە لە ریزی بەکرێداندا دابنرێت تاکو لەوە باشترین کەڵک وەربگیردرێت.

## 6. چۆن دەتوانم لە ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد ( Salford Home l(Search ناونووسی بکەم؟

بەم شێوازانە دەتوانن ناونووسی بکەن:

- لە ڕێگای ئانلاینەوە لە www.salfordhomesearch.co.uk
- بە ئامادە بوون لە ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد (Salford Home Search)l
- پێوەندی بە 0161 909 6514

## 7. چۆن دەتوانم مەزەندەی نرخ بکەم؟

بۆ نرخ دانان لەم لەم شێوازانە کەڵک وەرگرن:

- چوونە ناوماڵپەڕی www.salfordhomesearch.co.uk
- بە ئامادە بوون لە ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد (Salford Home Search)l
- پێوەندی تەلەفۆنی بە ناوەندی پێوەندییەکانی ئێمەوە لە ڕێگای 0161 909 6514
- ئامادە بوون لە یەکێ لە نووسینگە ناوچەییەکاندا: New Prospectو Salix Homes

دانانی نرخ دەبێ لە لایەن ئەو کەسەی کە ناونووسی کردووە یا نوێنەری ئەوەوە بێت.

تێبینی: بۆ نرخ دانان سەرەتا دەبێت ناونووسی بکەن.

## 8. چ کاتێک دەبێ نرخ دانێم؟

دەتوانن لە کاتژمێری 10 سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممەوە تا نیوە شەوی دووشەممەی دیکە نرخ دانێن کە بەم ماوەیە "خولی دانانی نرخ" دەڵێن. پاشان ریزێکی دانانی نرخ پێکدێت کە لەوەدا تەواوی ئەو کەسانەی کە نرخیان داناوە، بە ریزی لە سەرەوە بوون، نهۆم بەندی دەکرێن.

## 9. لە هەر خولێکی دانانی نرخدا چەند جار دەتوانم نرخ دانێم؟

لە هەر خولێکی دانانی نرخدا لای ژوورۆی تا سێ جار و بۆ هەر خانوویەک تەنیا جارێک دەتوانن نرخ دانێن. هەر خولێکی دانانی نرخ لە کاتژمێری 10ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممەوە دەست پێدەکات و تا نیوە شەوی دووشەممەی تر درێژەی هەیە.

## 10. چۆن دەتوانم لە ئاکامی نرخ دانەکە ئاگادار بمەوە؟

لە گەڵ نرخ دانەرە سەرکەوتووەکاندا پێوەندی دەگیردرێت و ئەو هەلەی دەبێت کە پێش پریاردان خانووەکە ببینێت. پاش بەکرێدانی خانووکە، ئاکامەکان لە ماڵپەڕ و نووسینگەی خانوبەرە بە شێوەی گشتی ڕادەگەینین. ئەم ئاگاداریانە بریتین لە کاتی چاوەڕوانی دانەری نرخ، گرووپ و پێداویستییەکانی ئەوە. ناوی داواکەر پیشان نادرێت.

## 11. ئەگەر بۆ خانوو نرخ دیاری نەکەم چی دەبێت؟

بێجگە لە بابەتگەلی تایبەت، تا کاتێک نرخی خۆتان ئەدەن بە کڕیاری خانوو ناژمێردرێن. دەتوانن بۆخۆتان یا نوێنەرەکەتان نرخ دیاری بکەن و بە شێوەی چالاک بە دوای دۆزینەوەی خانوودا بن. ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد (Salford Home Search) لە گەڵ ئەو کەسانەی کە لە ماوەی دیاریکراودا نرخی خۆیان نەدەن پێوەندی دەگرێت و ئەگەر ئەم کەسانە لە دانانی نرخدا تووشیاری گرفتی تەکنیکی بن و یا لە داهاتوودا یارمەتیان پێویست دەبێ بەوان یارمەتی دەدەن.

## 12. من تا ئێستا سەرنەکەوتووم. داخۆ لە نرخ داناندا گرفتم هەیە؟

بەڵێ.ئەوەی کە لە دانانی نرخدا کەسێکی سەرکەوتوو بن بە کەسانی تری دانەری نرخ پێبەستەیە. هەرچی پلەی پێویستی خانووتان لە خوارەوە بێت، بۆ دۆزینەوەی خانووی نوێ دەبێ ماوەی زۆرتر چاوەڕوان بن. هەرچی سەبارەت بە شوێنی ژیان و جۆری خانوو سەختگیریتان کەمتر بێت و نرخی پتر بدەن، ئەگەری سەرکەوتنتان زۆرتر دەبێت.

## 13. داخۆ ئەو کەسانەی کە پێداویستی فریاکەوتنییان هەیە لە پلەی سەرەوە دان؟

بەڵێ.بەشێک لە خانووکان کە دەدرێن بۆ ئەو کەسانەیە کە پێویستی فریاکەوتنییان هەیە. بۆ وێنە، کەسانێ کە بە هۆی ئاگر تێبەربوون یان لافاو پێداویستی فریاکەوتنییان هەیە.

## 14. داخۆ ئەگەر پێوەندی ناوچەییم هەبێ لە سەرەوە دامدەنێن؟

بەڵێ. کەسانێک کە لە گەڵ سالفۆرداپێوەندی ناوچەییان هەیە لە سەرەوە دەبن ئەگەر:

- شەش مانگ لە12 مانگی ڕابردوو، و یا سێ ساڵ لە پێنج ساڵی ڕابردوو لە سالفۆردا ژیابێت،
- لە سالفۆردا کار کەن،
- یەکێک لە ئەندامانی پلە یەکی بنەماڵەکەیان  لانیکەم پێنج ساڵ لە سالفۆردا بووبێت،
- بێ خانوبەرەن و شۆرای شاری سالفۆرد ئەرکی یاسایی هەیە بەوانە یارمەتی بدات.

## 15.  داخۆ زانیاریەکانم دەدرێ بە دیکەی خاوەن ماڵەکان(موجر) ؟

ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوە لە گەڵ زۆربەی شەریکەکانی خانوو چێکردن و خاوەن ماڵە پرواداڕەکان پێوەندی هەیە. بە چوونە ناو ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد ( Salford Home Search) دا بە شێوەی خۆکار ڕەزایەتان داوە تاکو زانیاریەکانتان بخەینە بەردەستی دیتران مەگەر ئەوەی کە بە پێچەوانەی ئەوە داواتان کردبێت. ئەگەر بۆ خانووی خاوەنماڵێک نرخ دانێن ئەو زانیاریگەلێکی تایبەت سەبارەت بە ئێوە وەردەگرێت.

## 16.  داخۆ هەموو خانووەکان لە ڕێگای ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد (Salford Home Search)ەوە بە کرێ دەدرێن؟

نە خێر، شۆرای پێداچوونەوەی تەرخان کردن(Allocations Review Panel) لە بابەتگەلی تایبەتیدا، وەکو ئاگر گرتن یا لافاو، خانوەکان بە کرێ دەدات.

## 17.  ئەگەر لە وەرگرتنی خانوودا سەرکەوم، چ کەسێک دەبێتە خاوەن ماڵم؟

خاوەنماڵەکەتان یەکێ لەم کەسانەیە:

- شەریکەی Salix Homes
- شەریکەی New Prospect
- شۆرای شاری سالفۆرد
- شەریکەی خانوبەرە (Housing Association)
- خاوەنماڵێکی تایبەتی کە لە گەڵاڵەی دیاریکردنی پرواداری شۆرای شاردا ناونووسی کردووە.

## 18. داخۆ دەکەومە بەر مافی باوی کرێنشینی؟

خاوەنماڵی نوێتان پێش ئەوەی بابەتی بەکرێدان قبووڵ کات ئێوە لە مافەکانتان ئاگادار دەکاتەوە. کرێنشینگەلێک کە لە خانوویەکی ژێر دەسەڵاتی شۆرای شارەوە بۆ خانوویەکی ژێر دەسەڵاتی شەریکەی خانووبەرە دەرۆن ڕەنگە ئیمتیازی کڕینی خانوو بە پێی گەڵاڵەی مافی کڕین (Right to Buy Scheme ) لە دەست بدەن. ئەبێ بە دوای مافی کرێنشینی خۆتان کەون لە ڕێگای وتووێژ لە گەڵ خاوەنماڵە نوێکەتانەوە.

## 19. ئەگەر پێشتر بڕیارێکم وەرگرتبێت لەسەر هەڵسوکەوتگەلی نا کۆمەڵایەتی یا حوکمی سزادانێک کە جێبەجێ کراوە، چۆن هەڵسوکەوتم لەگەل دەکرێت؟

سیاسەت لە بەرانبەر  هەڵسوکەوتە نا کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوەیە کە "بە مەبەستی دامەزرانی کۆمەڵگا خۆراگرەکان، ئەگەر بەڵگەیەک هەبێت کە پیشان بدات ئەو کەسە هەڵسوکەوتی نا کۆمەڵایەتی لێی سەرداوە کە دەتوانێت لە سەر کۆمەڵگا یا بەرێوەبەرایەتی کار و باری کرێنشینەکان کاریگەری خراپی (نێگەتیڤی) هەبێت،داواکار لە مافی یاسایی ناونووسی بێوەر دەبێت. بۆ وێنە داواکارانێک کە  هەڵسوکەوتی نا کۆمەڵایەتیان لە خۆ پیشان داوە بریتی لە سزاگەلی کۆمەڵایەتی وەکو بڵاوکردنی کەرەسەی سڕو ورکەر، داواکارانێک کە ئێستا یا ڕابردوو بەڵگەی حەسێبەکانی دواکەوتنی هەبوە، کەسانێک کە زمانی هەڕەشەکەرانە یا هەڵسوکەوتی نا کۆمەڵایەتیان سەبارەت بە فەرمانبەرانی شۆرای شار یا شەریکەکانی خانوبەرە بەکاربردووە."

کردەوەی هەر داواکارێک بە تاک لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی تەواوەوە دەپشکێندرێت. داواکار دەتوانێ سەبارەت بە بڕیاری دەرچوو داوای لێکۆڵینەوە بکات.

ئەگەر ئێستاکە هیچ حوکمێکی سزادارت نەبووە، جیاوازی دانان سەبارەت بە ئێوە بە هەر شێوازێک نایاساییە. لەم هەلومەرجەدا مافی بەرابەرتان لەگەڵ دیکەی داواکاراندا هەیە.

## 20. داخۆ ئەو خانوبەرانەی کە بەتایبەتی بەکری دەدرێن لەم گەڵاڵەدا هەن؟

لە گەڵاڵەی دیاریکردنی پرواداری خاوەنماڵدا زانیاریەکانی پێوەندیدار بە خانوەکانی خاوەنماڵە تایبەتیەکان بۆمان دەنێردرێت کە ئەم زانیاریانە بە شێوەی گشتیی ڕادەگەیندرێن. ئەگەر حەزتان لەو خانوانەیە، زانیاری پترتان پێدەدرێت.

گەڵاڵەی داوانامەی دڵنیایی سالفۆرد (Salford Safe Deposit Scheme) لە پێدانی داوانامەدا یارمەتی ئێوە دەدات و ژمارە تەلەفۆنی نووسینگەی گەڵاڵەی 0161 793 2020 یە. ئەگەر یارمەتیتان دەوێت بۆخۆتان لەگەڵ ئەواندا پێوەندی بگرن.

## 21. ئەگەر هەلومەرجم بگۆردرێت ئەبێ چ بکەم؟

زۆر گرنگە کە لە زووترین کاتدا ئێمە ئاگادار کەنەوە. هەموو پێشنیارەکانی نیشتەجێ کردن بە پێی زانیاریگەلێک کە داوتانە پێتان دەدرێت، کەوایە ئەگەر خانوویەک بە ئێوە پێشنیار بکرێت و هەلومەرجتان گۆردرا بێت، ڕەنگە پێشنیارەکە وەربگیردرێتەوە.

## 22. بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر چ بکەم؟

- چوونە ناو ماڵپەڕی www.salfordhomesearch.co.uk
- بە ئامادە بوون لە ئاژانسی خانوبەرە دۆزینەوەی سالفۆرد (Salford Home Search)
- پێوەندی تەلەفۆنی بە ناوەندی پێوەندییەکانی ئێمەوە لە ڕێگای 0161 909 6514
- پرۆنە ئاژانسی خانوبەرەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان.

# چۆنیەتی پێوەندی بە ئێمەوە

Salford Home Search
45 Hankinson Way
Salford
M6 5JA

تەلەفۆن: 0161 909 6514
مینی کام: 0161 909 6527
فاکس: 0161 737 3237

ئیمەیل: salfordhomesearch@salford.gov.uk

ماڵپەڕ: www.salfordhomesearch.co.uk